# ئایا پێشنووسی دەستوور لەئاستی چاوەڕوانیەکانی خەلکی کوردستان دایە؟ ... ئەحمەد معین

بایەخی دەستوور
دەستوور لەسیستمە سیاسیە پێشکەوتووەکاندا بایەخێکی تایبەتی وکەم وێنەی هەیە. ئەو بایەخە لەوشوێنەوە سەرچاوەئەگرێ کە دەستوور نەخشەیەکە کە لەسەر بنەمای ئەو سەرجەم دام ودەزگا ودامەزراوە ویەکە کۆمەلایەتی وسیاسی وئابووریەکان، پەیوەندی نێوان هاوولاتی ودەسەلاتی سیاسی، ماف وئەرکەکانی هەردوولا، چوارچێوە ومەودای ئازادیە گشتی وتایبەتەکان، وبەکورتی سەرجەم سیما سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتیەکانی هەر کۆمەلگایەك دیاری ئەکات. بەو مانایە دەستوور هەم نەخشەیەکە کە بەپێ ی ئەو ساختمانی وولات وکۆمەلگە لەسەر ئەو بنیات ئەنرێت وهەم بالاترین مەرجەعی یاساییە لەسیستمی سیاسی ویاسایی هەر وولاتێکدا وسەرچاوە وئیلهام بەخشی گشت یاساکانی ترە.
بەلام گشت ئەوانە چەند پێش مەرجێکی زۆر لە خودی دەستوور گرنگتریان پێویستە ئەگینا تەنانەت دەستوورێك کە لەسەر قوولترین وفراوانترین ومۆدرین ترین بناغەش دارێژرابێت بە ئەندازەی بەهای ئەو کاغەزانە نرخی نیە کە تیا نووسراوە.
گرنگترین پێشمەرج بۆ بوونی هەر دەستوورێك ئەوەیە کە تا چ ئەندازەیەك لەو سیستمە سیاسیەدا کە لەو شوێنە یا وولاتەدا زالە بەهایەك بۆ یاسا وویستی خەلك وسەروەری یاسا دائەنرێت.
لەلایەکی ترەوە شتێکی بەلگە نەویستە کە دەستوور وگشت یاساکان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی ئابووری، مەرامی سیاسی و هەولی لایەن وهێزی سیاسی وکۆمەلایەتی جۆراوجۆرن بۆ پەیداکردنی جێگەیەکی سیاسی پتەوتر لە سیستمی سیاسی ئەو وولاتەدا یا فراوانکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی وئابووری چین وتوێژی تایبەت ودیاریکراو. بەو مانایە جۆر وناوەڕۆکی دەستوور ویاساکان ڕەنگدانەوەی تەرازووی هێزی نێوخۆی چین وتوێژە کۆمەلایەتیەکانن گەرچی ئەو مەرامە چینایەتیانە بەرواڵەتی تر ولەوانە لە قالبی بەرژەوەندی گشتی میللەت یا بەدەیان تێز وبەندی یاسایی تر ویا فۆرمۆلەی دەستووری ڕازینرابێتەوە.
بەو پێیە دەستوور لەهەمان کاتیشدا چەکێکە بۆ شەرعیەت دان بە بەرژەوەندی ومەرامی سیاسی وکۆمەلایەتی وململانێ ی چینە دەسەلاتدارەکانی کۆمەل وبیروباوەڕی ئایدیۆلۆجی ئەوان لە قالبی یاسایی وبەناوی بەرژەوەندی گشتیەوە. گەر وانەبێ بۆچی دەستووری وولاتێك چوارچێوەیەکی فراوانتر دیاری ئەکا بۆ ئازادیە سیاسیەکان، کەمترین دەسەلات بە دەزگا وبیروباوەڕە ئاینیەکان ئەدات، مافی ئابووری زیاتر بۆ دانیشتوانی ئەو وولاتە دابین ئەکات، وسیستمێکی ئابووری تایبەت ئەکات بە بناغە بۆ ڕێکخستنی ئابووری کۆمەل و... تاد، کەچی یەکێکی تر بەپێچەوانەوە؟ یا بۆ لە دوای هەر ئالوگۆڕێك لەدەسەلاتی سیاسیدا، یەکەم هەنگاوی لایەنی تازەی دەسەلاتدار گۆڕین یا دارشتنەوەی دەستوور ئەبێت؟.
مەسەلەیەکی تر لەپەیوەند بە دەستوور بەگشتی ودەستووری کوردستانیشەوە ئەوەیە کە فەرهەنگی سیاسی زال بەسەر عەقل وپراتیکی تا ئێستای دەسەلاتی سیاسی ئەو وولاتەدا چیە؟ پەیوەندی نێوان هاوولاتی ودەسەلات چۆنە ولەسەر چ بنەمایەك دامەزراوە؟ ئایا لەسەر بنەمای ترس؟ بەدبینی بەدەسەلات؟ باوەڕی هاوولاتی بەدەسەلات ونەترسان لە سپاردنی چارەنووسی خۆی بە دەسەلات؟ یا ناچاریەکی لەچەشنی بوونی مەترسیەکی دەرەکی ولەوێشەوە ناچاربوون بەوەی ملی خۆیان بدەنە دەست دەسەلات؟ ئایا لەسەر بنەمای ئەوەی " چارنیە ولەمەش خراپتر هەیە "؟ کە ئەوانە وزۆر حالەتی

تر ڕاستیەکن وناکرێ لە بواری تاووتوێکردنی پەیوەندی نێوان هاوولاتی ودەسەلاتدا هاشا لەبوونیان بکرێت بەتایبەتی لەکوردستاندا.

پێشنووسی ئێستای دەستووری کوردستان

لەو پێشەکیە گشتیەوە پێم وایە قسەکردن وهەلوێست نواندنێکی ئەکتیڤی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە پێشنووسی ئێستای دەستووری هەرێمی کوردستان بایەخی خۆی هەبێ. بەلام من خۆم لەوە دلنیام بایەخی بەشداری کردن لەم جۆرە باسەدا لەوەدا نیە کە چەند ئەتوانێت دەور بگێرێ لە گۆڕینی ئەو پێشنووسە، کە ئەوە گرنگترە، بەلکوو بەکردەوە وبەناچاری ڕووی لەوەیە کە بتوانێ سەرنجی خەلکی کوردستان ڕابکێشێت بۆ پێویستی وبایەخی ڕەنگدانەوەی زۆرترین بەش لە مافەکانیان لە دەستووری کوردستاندا وپێوانەکردنی مەتنی دوایی دەستوور بەو پێوانەیە. ئەو ڕایەم لەسەر ئەو بنەمایە بنیات ناوە کە پرۆسەی داڕشتن ویەکلاییکردنەوە وپەسەندکردن وتەنانەت کارکردن بەپێ ی دەستوور وڕێزدانان بۆ یاسا وڕای خەلك لەکوردستاندا پرۆسەیەکی دیموکراتی وشەفاف نەبوو وئەو مەسەلانە جێگەیەکی ئەوتۆیان لەفەرهەنگی سیاسی دەسەلاتدارەتی ئێستای کوردستاندا نیە وتاقیکردنەوەی 15 سالی ڕابووردووی هەردوو هێزی دەسەلاتدار لەبوارەدا نموونەیەکی درەخشان نین کە لەم پەیوەندەشدا چاوەڕوانیەکی ئەوتۆیان لێ بکرێت. بەکورتی هەر کات کەسێك بیەوێت بەویژدانەوە فایلی سەرپێچی لە یاسا وڕادەی یاساشکێنی لە کوردستاندا هەلداتەوە پێم وایە پێش هەمووان ئەبێ پەنجە بۆ دەسەلاتدارانی ئێستای کوردستان درێژبکات.

هەر بۆ نموونە: ئایا هیچ کەس زانیویەتی لە 15 سالی ڕابووردوودا داهات ودارایی ئەم وولاتە چۆن وچەند بووە؟ ئایا ئەو دام ودەزگایانەی کە بۆ ئەو بوارە تەرخان کراون هەمووی فۆرمالی نەبوونە ولەپشتەوە دەستی شەبەح ئاسای حیزب ودەسەلات و بنەمالە وسەرۆك حیزب دەوری یەکەمیان نەبووە؟ ئایا جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەیەکتر کە سیمایەکی شارستانی دەسەلاتە سیاسیە هاوچەرخەکانە لەقسەی سەر کاغەز هیچی تر بووە؟ ئایا شەفافیەت ودەسەلاتی یاسا (تەنانەت ئەو یاسایەش کە خۆیان وەکوو دەسەلاتی دەولەتی دایان ڕشتووە یا ئەوەی لەبەرنامە حیزبیەکانیاندا هاتووە) نەك لە هەموو کوردستاندا بەلکوو لەیەك کارگە، قوتابخانە، دائیرە، یا ناحیەیەکی بچووکیشدا، پەیڕەوی لێکراوە؟ ئایا لەم سیستمە سیاسیەی کوردستاندا لەڕووی ئابووریەوە شتێك هەیە ناوی (بودجە - میزانیە) بووبێت (بەلام نەك لەسەر کاغەز) ؟. ئایا زیندانی نهێنی لەکوردستاندا هەیە وبەگشتی کام یاسا کاروباری زیندانەکان ڕێك ئەخات؟.

ئەوانە ودەیان پرسیاری تری زۆر چارەنووس ساز جارێکی تر بەناچاری بەپەیوەند بە گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی دەستوورەوە خۆیان ئەسەپێنن بەسەر مێشك وبیرکردنەوەی هەر ئینسانێکدا کە هەموو شتێك بە محەکی بەرژەوەندی خەلك وئاسوودەیی وبەرژەوەندی ئەوان وپێویستی بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی مۆدێرن وشارستانیانە لە کوردستاندا ئەپێوێت.

کاتێك باسی مەسەلەی دەستوور لە وولاتانی بابەتی کوردستان دێتە ئاراوە، بێ ئیرادە وڕاستەوخۆ پێش بیرکردنەوە لەناوەڕۆکی خودی دەستوور، بیری هەموو کەسێك ئەچێ بۆ لای شتێکی لەو گرنگتر: ئایا دەستوور شیعارێکە بۆ بازاڕ گەرم کردنی سیاسی؟ بۆ داپۆشینی فەشەلی سیاسی تا ئێستای دەسەلات؟ ئایا دەستوور منەتێکە ودەسەلات ئەیکات بەسەر هاوولاتیدا یا مافێکە وئێستا درەنگ وەخت بیریان هاتۆتەوە؟ ئایا قۆناغی تا ئێستای دەسەلاتی سیاسی پێش دەستوور ناوی چی لێ ئەنرێ ولەڕیزی کام لە سیستمەکانی دنیادا پۆلین ئەکرێت؟ لەهەموو ئەوانەش گرنگتر ئەو پرسیارەی خەلکە: ئایا دەستوور نرخێکی هەیە ودەسەلاتداران خۆیان پەیڕەوی لێ ئەکەن؟ ئایا وای لێ دێت بلێین قۆناغی

پێش ودوای دەستوور 2 قۆناغی زۆر جیاواز بوون لەیەك؟ ئایا دەستوور کۆتایی بەپاشەگەردانی ئێستای دەسەڵاتدارەتی وحوکمڕانی سیاسی لە کوردستاندا دێنێت؟ ئایا قۆناغی دوای پەسەندکردنی دەستوور ئەبێ بە قۆناغێك کە (هاووڵاتی بوون) بکرێ بە پێوەر بۆ دیاریکردن وکارپێکردن بە بنەمای (ئەرك و مافەکان) ؟ ئایا قۆناغی دوای داڕشتن وپەسەندکردن وکارکردن بەدەستوور ئەبێتە قۆناغی کرانەوەی بوار بۆ بەشداری ڕاستەقینەی خەلك لە ژیانی سیاسی ودیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا یا هەروا لەپەراوێزی هیمەت ودەسەلاتی حیزبدا ئەمێننەوە؟ ئایا لەپێشەوە خودی هەردوو زلهێزی سیاسی دەسەڵاتدار لەمەودوا دەستوور ئەکەن بە بنەمای دەستاودەستکردنی دەسەلات وئیتر قۆناغی پاشقول وپیلانی ژێربەژێر ونیمچەئاشکرای سیاسی بەسەرئەچێ؟

گەر دەستووری هەرێمی کوردستان نەتوانێ ئەو ڕۆلە بگێڕێ ئیتر بەکردەوە بایەخێکی ئەوتۆی نیە وئەویش ئەچێتە پال ئەو دەیان بەرنامە ودام ودەزگا و یاسایانەی کە باری ناهەمواری ئێستای کوردستان ئەڕازێننەوە وبۆ گیان ئینسانی بەدبەختی کورد بەرهەمی دێننەوە.

دیارە خودی داڕشتنی پێشنووسی دەستوور وکارکردن بەپێی دەستوور لە کوردستاندا خۆی سەرەتا وهەنگاوێکی ڕوولەپێشە وئەتوانێ ژیانی سیاسی وکۆمەلایەتی خەلك لەکوردستان و ململانێی خەلك ودەسەلات بباتە قۆناغێکی نوێ واتە قۆناغی (دەسەڵاتی یاسا ودام ودەزگا) کە چوارچێوەیەکی شارستانیانەترە بۆ پێناسەکردنی پەیوەندی نێوان هاووڵاتی ودەسەلات بە تایبەتی بەبەراوود لەگەل دەسەلاتی حیزبی کە تا ئێستاش شێوازی ڕاستەقینەی دەسەڵاتە لەکوردستاندا.

ئایا ئیسلام شوناسی زۆرینەی خەلکی کوردستانە؟

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق لە پێشەکیەکی درێژ و160 مادەە پێکهاتووە کە چۆتە سەر زۆر مەسەلە ولایەنی پێویست وزۆریشی پشت گوێ خستووە.

هەلدانەوەیەکی لاپەڕەکانی پرۆژەی دەستووری ئێستا بەگشتی واخۆئەنوێنێ کە نووسەرانی هەولیان دابێ بەرواڵەت لەچوارچێوەی فەلسەفەی لیبرالی بۆ داڕشتنی دەستووردا بیگونجێنن. بەڵام سەرەتای دەستوورکە بە ڕستەی (بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان) دەست پێ ئەکات کە نە لەڕووی تکنیکیەوە پێویستە ونە ئەتوانێ ئەو مەبەستەش بپێکێ کە دلی هیچ لایەنێکی ئیسلامی ڕازی بکات چونکە لەپێشەوە ناوەڕۆکەکەی بەدلی ئەو جۆرە لایەنانە نابێت.

ئەو ترش وخوێ ئاینی وئیسلامیەی کە لە هەندێ شوێنی پرۆژەکەدا هاتووە جگە لە هەولێکی خراپ بۆ یاری کردن بە هەست وسۆزی دواکەوتووانەی ناو کۆمەلگای کوردستان وسەرنج ڕاکێشانێك وهەولێك بوڕازی کردنی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان هیچ حیکمەتێکی تر نیە لەهاتنیان. بەڵام گەر لەوە بترازێ هێنانەوەی ئەو دەستەواژە وڕستە ئاینیانە قورساییەکی خراپ ئەخاتە سەر خودی دەستوورەکە وپەیامێکی خراپیشە بۆ ئەو توێژە بەرینەی خەلك کە ئومێدی ئەوەیان ئەخواست کە دەستووری هەرێم لەقالبێکی مۆدێرن وشارستانیانەدا دابڕێژرێت. بۆیە نووسەرانی پرۆژەکە بەهێنانەوەی فۆرمۆلەی وەکوو (خوای بەخشندە) یا باس کردن لەو ئازادیانەی کە (خوا بە ئادەمیزادی بەخشیون!!) ئەو ترسە لە دوو توێی دلی خەلکی ئازادیخوازدا دروست ئەکەن کە دەستوور سەرەنجام بکرێ بەبابەتی سات وسەودایەك لەگەل لایەنە سیاسیە ئیسلامیەکانی ناوخۆی کوردستان یا هاوپەیمانە ئیسلامیەکانی عێراق یا ڕازیکردنی دلی وولاتانی دەوروبەر.

هەر سەبارەت بەمەسەلەی ئایین وئیسلام مادەی 7 ئەلێ (ئەم دەستوورە پێدائەگرێ لەسەر شوناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی کوردستان) .

مەسەلەی (شوناس _ هویە) مەسەلەیەکی وورده وخالی کۆبەندی زۆر بیروڕا وسەرنجە. من لێرەدا چەند شتی خێرایان لەسەر ئەلێم.

یەكەم: گەر ڕاست بێت كە ئیسلام شوناسی زۆرینەی خەلكی كوردستانە (كە من ڕایەكی تری جیاوازم هەیە ودواتر كورتەكەی باس ئەكەم) ئەوە ئیتر ئەبێ بە باشترین بەلگە بەدەستی زۆر لایەنەوە بۆ پێویستی دامەزراندنی حكوومەتێكی ئیسلامی. ئەم شایەدی دانە خۆڕاییە لەسەر شوناسی ئیسلامیی گەلی كورد سابیقەیەكی ترسناكە ویەكەم جارە لەبەلگەنامەیەكی یاسایی هەرەبەرزدا ولەلایەن لایەنێكی سیاسییەوە كە ئەلێ من هەلبژێردراوی ئازادانەی خەلكی كوردستانم، ئاوا ڕاشكاوانە چەكێكی خۆڕایی ئیمزا بكات.

دووەم: سبەی ڕۆژ یا لەداهاتوویەكی دوورتردا ولەوەرچەرخانە مێژوویەكانی داهاتووی پڕلەئالوگۆڕ وگێژاوی ناوچەكەدا وبەتایبەتی ئەو وولاتانەی كەكوردیان بەسەردا دابەشكراوە، ئەتوانرێ ئەم مادەیەی دەستوور وەكوو بەلگەیەكی خۆڕاییی، لەلایەن (خاوەن مال) ەوە، بهێنرێتەوە بەرانبەر بە هەرداخوازیەكی گەلی كورد یا كوردستان بۆ جیابوونەوە ودامەزراندنی كیانێكی سەربەخۆ (دیارە لە پال زۆر بیانووی تردا) بەوبیانووەوە كە ئەو كاراكتەرە هاوبەشەی گەلی كوردستان لەگەل توركیا وعێراق وئێران وسووریا كە ئێوە باسی ئەكەن خۆی پالپێوەنەر وبەلگەیە بۆ مانەوە لەچوارچێوەی ئەم دەولەتانەدا كە هەمیشە پێ لەسەر هەمان شوناسی هاوبەش دائەگرن وخۆیان لە ئێوە زیاتر بە خاوەنی ئەو شوناسە ئەزانن.

گەر ئەمڕۆ خودی هێزە دەسەلاتدارەكانی كوردستان بەدوای بەلگەیەكی مێژوویدا ئەگەڕێن بۆ سەلماندنی ئەوەی كە كوردستان لە فلانە قۆناغی مێژوویدا جوغرافیایەكی جیاوازی هەبووە ولەباسە دەستووریەكانی ئەمڕۆی عێراقدا بەنموونە بیهێننەوە بۆ سەلماندنی داخوازیەكانیان، ئەوە ڕەنگ بێ لەداهاتوویەكی پەنجا سالی تردا یەكێك هەر ئەم مادە دەستوریە بە نموونە بهێنێتەوە كە كورد بەشێكە لە گەلی موسولمانی ناوچەكە وبەوشێوەیە داخوازیەكانی بەوبیانووەوە پێشێل بكات وسوود لە بەلگەنامەیەكی یاسایی گرنگی وەكوو ئەم دەستوورە وەربگرن كە ( (نوێنەرانی هەلبژێردراوی كورد) ) خۆیان وزۆر ئازادانە ولەپەرلەمانەكەی خۆیانەوە بێ هیچ فشارێك پەسەندیان كردووە.

خومەینی هەر بەپێداگرتن لەسەر ئەو شوناسە ئاینیەی گەلی كورد هاشای لەمافەكانی كوردی ئێران ئەكرد وپێم وانیە كە لەداهاتووشدا نموونەی ئەو جۆرە كەلك وەرگرتنانە لە (شوناسی ئیسلامی خەلكی كوردستان) كەم بن.

سێیەم: كام مەرجەع، كامە دەنگدان وڕیفراندۆم سەلماندوویەتی كە (ئیسلام شوناسی زۆرینەی گەلی كوردستانە) ؟

لەڕاستیدا ئەوە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی نووسەرانی ئەم دەقە نیە بەقەد ئەوەی كە ڕەنگدانەوەی بەرنامە وبیروباوەڕی هێزی دەسەلاتداری ئەمڕۆی كوردستانە واتە پارتی دیموكراتی كوردستان ویەكێتی نیشتیمانی كوردستان. ئەوە داتاشین وداسەپاندنی ئەو (شوناس) ەیە بەسەر گەلی كوردستاندا لەلایەن ئەوانەوە (نەك لەلایەن ئەو دەولەتانەوە كە ئیسلام بەشێكە لە ئایدیۆلۆجی ڕەسمیان) ئەگینا ئەو (زۆرینە) یەی مادەی 7 ی ئەم پێشنووسە باسییان ئەكا نە پرس وڕایەكیان پێكراوە ونەكەسیش گوێ ی لەقسەیان گرتووە لەم بوارەدا.

چوارەم: بێ ئەوەی لەم پەیوەندەدا بچمە ناو باسێكی هەمەلایەنەوە لەسەر مەسەلەی شوناس ومێژوو وقۆناغەكانی ئیسلام لەكوردستاندا، من پێموایە كە ئیسلام هەر لەسەرەتاشەوە ئایدیۆلۆجیەكی تایبەت بووە بۆ چەندین بزووتنەوەی سیاسی كۆن وهاوچەرخ لە ناوچەكەدا كە لەم سەردەمەدا ئیسلامی سیاسی بەتایبەت وناسیونالیزمی عەرەبی بەرچاوترینیانە. گەرچی ئەم ئایدیۆلۆجیە (ئیسلام) لەقالبێكی ئیلاهی وئاینیدا فۆرمۆلەكراوە بەلام ئەمە لەو ڕاستیە ناگۆڕێت كە لەهاوكێشە سیاسیە كۆن

وهاوچەرخەکانی ناوچەکەدا، لەدوای هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان، زۆرترین خێری بۆ بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب داوەتەوە.
ئەوەندەش بگەڕێتەوە سەر باسە ئەسلیەکە کە مەسەلەی دەستوور ومادەی حەوتەمە ئەوە من پێم وایە هاتنە مەیدان لە کێشە سیاسیە قوولەکانی ئەمڕۆی ناوچەکەدا بە چەکی (شوناسی ئیسلامیی گەلی کوردستان) لەسەرەتاوە قومارێکی دۆڕاو وهەولێکی بەخەسارچووە.
گەر هێزە سیاسیەکانی پشت ئەم دەستوورە پێیان وابێ ئەوە جۆرێکە لە پراگماتیزم وسیاسەتی (هونەری خۆگونجاندن) پێم وایە ئەویشیان کورتبینیەکی ترە چونکە بردنەوەی بۆربۆرێنێکی لەوجۆرە لەگەل ئەو بزووتنەوە ودەولەتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بە چەکی (شوناسی ئیسلامی) ئەستەمە وئەنجامەکەی شکستی حەتمیە ولەهەموو حالەتێکدا ئەوان لەوجۆرە شەڕەدا براوە ئەبن.
دەلیلی ئەوەش ڕۆشنە: هەم بەوهۆیەوە کە ئیتر ئیسلام لەگەل ئایدۆلۆجی ناسیونالیستی ئەواندا بەتەواوی تێکەل بووە، وهەم بەودەلیلەش کە خودی بیروباوەڕی ئیسلامی وتەفسیرە جیاوازەکان لە ئیسلام پایگایەکی بەهێزیان تەنانەت لەناو خەلکی ئەو وولاتانەدا هەیە (بەپێچەوانەی کوردستانەوە) وهەم بەوهۆیەشەوە کە پاش بەسەرچوونی تەمەنی هەیمەنەی ناسیونالیزم لەناو ئەو وولاتانەدا یا ئیسلامی سیاسی بووە بەهێزی یەکەم یا ناسیونالیزم زیاتر لە جاران خۆی ئیسلامیزە کردووە.
لەسۆنگەی گشت ئەوانەوە ئیتر هەولدانی دەسەلاتی سیاسی کوردی بۆ کەلك وەرگرتن لە چەکی ئیسلام (جگە لە زیانی بێ وێنەی ئەو جۆرە سیاسەتە بۆسەر خەلك) لەدرێژماوەدا پایگای خۆشیان لەق ئەکا وشەرعیەتی نفووزی خۆشیان لەبەرانبەر بزووتنەوە ئیسلامیە ناوخۆ ودەرەکیەکان و وولاتانی ناوچەکەشدا، ئەباتە ژێر پرسیارەوە.
پێنجەم: وەکوو پێشتر ووتم ئیسلام دەمێکە ئەو قالبە ئاسمانیەی تێپەڕاندووە و سیما سیاسیە (سەرزەمینی) یەکانی خۆی بەرجەستەکردۆتەوە.
لەوڕوانگەیەوە ناساندنی ئیسلام، وەکوو دیاردەیەکی (گۆڕاو _ متغیر)، بەشوناسی خەلك، کە ئەمیان دیاردەیەکی (نیمچە نەگۆڕ) ە، هەولێکە ئەچێتە خانەی ئایدیۆلۆجیەوە واتە بەشێکە لە تەنگەبەرکردنەوە ولەکۆتدانی شوناسی گەلی کوردستان بەهەموو تفاعلاتەکانی ناو ئەم گەلە وبزووتن وئالوگۆڕەکانیەوە.
جێگە وشوێنی ئیسلام بەو مانایەی وەکوو ژێرخانێکی ئایدیۆلۆجی وسیاسی وهەروەها وەکوو کەلتوورێکی ناو خەلك لەکوردستاندا لە گۆڕانی هەمیشەییدایە وبووە. لە قۆناغی بیستەکانی سەدەی پێشوودا جۆرێك بووە ولە سیەکان وچلەکان وپەنجاکانی هەمان سەدەدا ودوای بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی ناسیونالیستی، دیموکراتی، و سۆسیالیستی لەکوردستانی عێراقدا، ئەو جۆرە ئیسلامە چ لەناو خەلکدا وچ وەکوو ژێرخانی ئایدیۆلۆجی بزووتنەوە سیاسیەکان، گۆڕاون. هەر لەژێر تەوژمی ئەو ئالوگۆڕە فکری وژێرخانیانەدا لە 1956 دا هێزێکی کۆنسێرڤاتیڤی وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە پەیڕەو وپرۆگرامەکەیدا ڕای ئەگەیاند کە ئەو پشت ئەبەستێ بە سۆسیالیزمی زانستی.
بەلام لەنەوەتەکاندا جارێکی تر هورووژمی ئیسلامگەرایی کوردستانیش ئەگرێتەوە وکاریگەری لەسەر پەیکەری کۆمەلایەتی خەلکەکەیشی دائەنێ وبۆ یەکەمجار ئەحزابی سیاسی لەسەربنەمای ئایدیۆلۆجی ئیسلامی وبۆ دامەزراندنی سیستمی سیاسی ئیسلامی لەکوردستاندا (عێراق) دائەمەزرێن.
بەپێچەوانەی حەفتاکانەوە کە بۆ نموونە ژنان لە سلێمانی یاداشتنامەیان ئەدا بە پارێزگاری ئەو کات بۆ لابردنی بانگی بەیانیان لەمزگەوتەکانەوە بەوهۆیەوە کە ئەبێتە مایەی بێزارکردنی ئەوانەی

نوێژناکەن، ڕووکردنە ئیسلام لەنەوەتەکاندا پەرەئەسەنێت وئەوەش بازووی هێزە سیاسیە ئیسلامیەکان بەهێز ئەکات وتەماعیان بۆ دەسەڵات ئەباتەسەر.
بەومانایە شوناسی ئیسلامی دیاردەیەکی (گۆڕاو) ە وڕەنگدانەوەی تەرازووی هێزی سیاسی وکێشمە کێشە فکری وسیاسی وکەلتوورییەکانی ناو کۆمەلە لە هەر قۆناغەدا (جگە لە کاریگەریە دەرەکیەکانی تر) وناکرێ لەسەنەدێکی یاسایی وەکوو دوستووردا (کە سیمایەکی نیمچە نەگۆڕ تری هەیە) بێتەوە.
ئەوە جگە لەوەی کە شوناسی ئایینی ناکرێ بەسەر تەواوی کۆمەل وگەلێکدا دابڕێت بەلکوو بڕوابوون یا نەبوون بەئایین مەسەلەی تاکە کەسەکانە وئەبێ لەبواری مافە فەردیەکاندا بێت ئەویش بەو مانایەی کە ئایین (جا مەرج نیە ناوی ئیسلام هەر ببرێتیش) وبڕواهێنان یا نەهێنان پێ ی مەسەلەیەکی تایبەت بەهەرکەسە (وەکوو تاك) ودەولەتیش کاری پێوەی نیە نەك ئەوەی ئیسلام دابڕێ بەسەر سەرجەم خەلکی کوردستاندا.
سیستمی ئابووری کوردستان ومافە کۆمەڵایەتیەکان
ماددەی 15ئەلێت (هەرێمی کوردستان پێش ئەبەستێت بە سیستمی ئابووری ئازاد ومۆنۆپۆلکردن وچەوسانەوە تیایدا قەدەغەیە ومنافسەی ئازادی ڕەوا تیایدا پارێزراوە) .
من لێرەدا ناچمە سەر باسکردن لەسەر بنەما ئابووری وئایۆلۆجی وفەلسەفەیەکانی (سیستمی ئابووری ئازاد) و (مۆنۆپولکردن) یا (منافسەی ئازاد) چونکە لەناوەڕۆکی باسەکە دوورمان ئەخاتەوە.
ئایا بەپێ ی کام فەلسەفەی ئابووری ئەتوانرێ لەچوارچێوەی (سیستمی ئابووری ئازاد) دا ڕێ لە (مۆنۆپۆلکردن – احتکار) بگیرێ؟ میکانیزمی قەدەغەکردنی (چەوسانەوە) لەسایەی ئەو سیستمەدا چیە؟ ئایا سەرەنجامی مەنتیقی منافسەی ئازاد سەرهەلدانی دیاردەی مۆنۆپۆلکردن نیە؟ (چونکە ئاشکرایە کە منافسە مۆنۆپۆلکردن بەرهەم دێنێت) .
دیارە نووسەرانی پێشنووسەکە لێرەدا مەبەستیان لەپیادەکردنی مۆدیلی ئەمریکی یا یابانی نیە کاتێك باس لە سیستمی ئابووری ئازاد ئەکەن وبەناچار ئەبێ کۆپیەکی تری وەکوو ئابووری بازاڕی ئازادی وەکوو فلیپین وتورکیا لەکوردستاندا لەبەرچاوبگرن.
لە کوردستانێکدا کە ئابووریەکی تەقلیدی دواکەوتووی هەیە، کەلەکەی سەرمایە تیایدا زۆر لاوازە، ژێرخانێکی ئابووری ساز وئامادەی نیە بۆ ڕووتێکردنی سەرمایەی دەرەکی، کەرتی دراوی (نقدی) ومالی خاوەنی هیچ میکانیزمێکی ڕێکخستنی وەکوو سیستمی مالی کرێدیت وبانکی گشتی وئەهلی ومەرکەزی نیە، سەرمایەی پیشەسازی تیایدا لەئاستی نەبووندایە، سیستمی بازرگانیەکەی زۆر دواکەوتووە، وبەتایبەتیش کە 30 سال دەسەڵاتی بەعس ژێرخانی ئەم وولاتەی یا کاول کردووە یا ووشیارانە بە دواکەوتوویی هێشتوویەتیەوە و 15 سالیشە دەسەڵاتی کوردی بە عەقلیەتی دۆشینی ئابووری ودارایی کوردستان چاوی بڕیوەتە ئەم مەسەلەیە و... تاد، باسکردن لە سپاردنی ئەو مەسەلە چارەنووس سازە بە میکانیزمی بازاڕی ئازاد ئیتر خۆی کالفامیەکی سەیرە.
ئەرکی ئارایشدانەوە بە ژیانی ئابووری کوردستان بەو بارودۆخە وبەو پێشینەیەوە کە هەیەتی لەچوارچێوەی سیستمی ئابووری ئازاد ومنافسەی سەرمایە تایبەتیەکاندا یانی درێژەدان بەو پاشاگەردانیە ئابووریەی ئێستا و ئازادکردنی دەستی ئەو (تاقمە مالی – گغمە مالیە) یەی کە لەپەنای ئەحزاب ودەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا پێگەییون.
بەپێچەوانەوە لە بارودۆخێکی وەکوو کوردستاندا ئەبێ دەولەت ونیزامی سیاسی دەسەڵاتدار ستراتیجیەکی ئابووری ڕۆشن و (پلانی مارشالێکی) گەورە وگران و ورد وهەمەلایەنەی هەبێ بۆ بنیاتنانەوەی ئابووری کوردستان کە کەرتی گشتی دەوری دینەمۆ و دلی زیندووی چالاکی ئابووری بێت وبتوانێ کەرتی تایبەتیش لەچوارچێوەی ستراتیجی بنیات نانەوەی هەمەلایەنە وهەیکەلی ئابووری

وولاتدا بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت. سەرمایەیەکی مالی و نەقدی زۆر وزەبەند کە لەداهاتی نەوتی ناوخۆ یا بەشی داهاتی کوردستان لە داهاتی نەوتی عێراق دابین ئەبێت بوارێکی گونجاو بۆ ئەو ڕۆلە پێشڕەوە ئابووریەی کەرتی گشتی خۆش ئەکات. دیارە تا ئێرە هەردوو مۆدێلەکە هەر لەچوارچێوەی سیستمی سەرمایەداری ومیکانیزمەکانی کارکردی ئەو دەرناچن بەلام ئەوە لایەنێکی تری باسەکەیە.

بەکورتی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان بەبێ گورجکردنەوەی کەرتی گشتیەکی پان وپۆڕ وبەبێ بوونی ستراتیجیەکی ڕۆشن بۆ بووژانەوە وبنیات نانی ئابووری کەتایبەتمەندیەکان باری ئابووری وکۆمەلایەتی وسیاسی کوردستان لەبەرچاوبگرێ کارێکی نەك هەر سەخت بگرە ئەستەمە. سپاردنی ئەو ئەرکە قورس وستراتیجیە بە سیستمی ئابووری ئازاد وکەرتی سەرمایەی تایبەتی (گفیلی) هەم وەهمێکی گەورە وهەم تێنەگەیشتن لەتایبەتمەندیەکانی بارودۆخی کوردستان و هەم لەهەمووشی گرنگتر ڕەنگدانەوەی ئەو لەرزۆکیە سیاسیەی دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کوردستانە کە نایانەوێ یا ناوێرن هیچ هەنگاوێکی ستراتیجی وا بهاوێژن کە بۆنی جیابوونەوەی کوردستانی لەدوارۆژدا لێ بێت کە ڕەنگ بێ قایمکردنی ئەو پێگە ئابووریەی ناسیونالیزمی کورد لەزۆر ناوەندا بەهەنگاوێك بەو ڕاستایەدا لێکبدرێتەوە.

بەلام لەوەش گرنگتر ئاکامەکانی پیادەکردن یا درێژەدان بە پیادەکردنی ئەو سیستمی ئابووری ئازادەیە لە کوردستاندا.

لەم بوارەدا دەستوور هیچ لایەکی لەو توێژە زۆر وزەبەندەی خەلکی کوردستان نەکردۆتەوە کە ئەکەونە بەر زەبری دەستارئاسای کوشندەی ئەم سیستمە ئابووریەوە. دیارە هێنانەوەی ووشەی وەکوو (ڕێگرتن لە مۆنۆپۆلکردن وچەوسانەوە) تەنها ترش وخوێیەکن بۆ ڕازاندنەوەی ئەو ڕاستیەی کە خۆشیان ئەزانن پیادەکردنی سیستمی بازاڕی ئازاد چ بەلا ونەهامەتی وهەژاریەکی بۆ کرێکاران وخەلکی چەوساوەی تری کوردستان هێناوە یا لەداهاتوودا پەرەی پێ ئەدات.

لانی کەم لەزۆرێك لەو وولاتانەی کە سیستمی بازاڕی ئازاد تیا سەردارە، بەهۆی سیستمی سۆسیال وبیمەی دەرمانی وکۆمەلایەتی ترەوە بالانسێکی زیادەڕەوی بازاڕی ئازادکراوە بەلام پێشنووسی دەستوور لای لە هیچ یەك لەوانەش نەکردۆتەوە.

هەر لەم بوارەدا مادەی 43 ئاوا ئەلێ: (کار مافی هەر هاوولاتیەکە وئەبێ فرسەتی بۆ بڕەخسێنرێ بۆ دابینکردنی بژیوی " رزق " لە ڕێگەی کارێکەوە کە خۆی بەئازادی هەلی ئەبژێرێت) .

جارێ هێنانەوەی ووشەی " رزق " کە تێرمێکی دینیە خۆی جۆرێکە لەسووك سەیرکردنی ملیۆنەها کەس کە لەسەر (کرێ) ئەژین وجگە لەوەش لە دەستوور شوێنی ئەو جۆرە زاراوە ئاینیانە نیە و بەتایبەتی بۆ دەربڕینی دیاردەیەکی ئابووری کە پێ ی ئەووترێ داهات (دخل) .

سەرەتا نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێت کە گەر (کار مافی هەر هاوولاتیەکە) ئەوە (دابینکردنی فرسەتی کار) ئەرکی دەسەلاتە چونکە ئەو مادەیە هیچ مانایەکی نابێت گەر ئەو پاشگرەی لەگەلدا نەبێت. سەرەنجامی مەنتیقی ئەمەش ئەوەیە کە (ئەرکی دەولەتە کە تا ئەو کاتەی هاوولاتی کارێکی گونجاوی دەست ئەکەوێ، یارمەتی سۆسیال یا بیمەی بێکاری بۆ هەر هاوولاتیەك " یا لەسەر بنچینەی خێزان " دابین بکات وبەیاسایەکی تایبەت ئەو مەسەلەیە ڕێکبخات) .

لەم پێشنووسەی دەستووری کوردستاندا هیچ قسەیەك لەوە نەکراوە کە چارەنووسی هاوولاتی لەکوردستاندا چیە تا ئەو کاتەی کارێکی چنگ ئەکەوێت.

لەڕاستیدا یەکێك لەفەلسەفەکانی دامەزراندنی دەولەت یا هەر سیستمێکی سیاسی وئەرکێکی بنەڕەتی ئەو بریتیە لەدابینکردنی کار وبیمە کۆمەلایەتیەکان بۆ هاوولاتی وئەوە ئەرکێکی پایەیی

دەسەڵاتە جا لەوە بگەڕێین کە مەنهەج وفەلسەفەی ئابووری یا سیاسی دەولەت ودەسەڵاتی ناوبراو چیە وچۆنە.
هەر لەم بوارەدا مادەی 49 لە بەندی چوارەمدا ئەلێ: (چەوسانەوەی منالان لەبواری ئابووریدا قەدەغەئەکرێت وحکوومەت هەنگاوی پێویست ئەنێ بۆ پاراستنیان) .
با هەر لێرەدا وبەپەیوەند بە سەرجەم ناوەڕۆك وشێوەی داڕشتنی ئەم پێشنووسەوە ڕاگوزەر سەرنجێکی کورت بەڵام پێویست بلێم.
لەبواری یاساناسیدا ڕێسایەکی بەناوبانگ هەیە کە دەقاودەق ئەلێ: (زۆر ووتن لە یاسادا نیە _ لا لغو فی القانون) . بێگومان هۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەو یاسادانەرانەی پەنا بۆ زۆر ووتن ئەبەن، جگە لەنیشاندانی کەمی شارەزاییان لەو بوارەدا، بەپلەی یەکەم شتێکی ترە نەك تەنیا نەشارەزایی. من پێموایە دانەرانی ئەم پێشنووسە زۆر هۆشیارانە لەو بوارەدا کە پەیوەندی بەمافەکانی چینی باڵادەست وخاوەن ئیمتیازی ئابووری وکۆمەڵایەتی کۆمەلگای کوردستانەوە هەیە زۆر سەخاوەتمەند و وورد وکۆنکریت مادەکانیان داڕشتووە. بەڵام لەوبوارانەدا کە پەیوەنیان بە ژیان وپێویستیەکان ومافەکانی چینی دەسکورت ومام ناوەندی وزۆربەی خەلکەوە هەیە زۆر گشتی وعاتیفی وپان وپۆڕ ونادیار ولێل مادەکانیان داڕشتووە و (زۆر بلێی) یەکیان کردووە کە سەرەنجام هیچ شتێکی نادیار نەدەن بەدەستەوە.
هەر بۆ نموونە لەبواری کاری منالاندا ئەو شێوازە بەئاشکرا دەرئەکەوێت. ئایا عیبارەتی (چەوسانەوەی ئابووری منالان قەدەغەیە) بوار بۆ دەیان تەفسیری ئارەزوومەندانە ناهێلێتەوە بەتایبەتی لە وولاتێکدا کە یاسایەکی تایبەت لەو بوارەدا نەبێت؟ من پێم وایە لە جیاتی ئەوە ئەبوایە هەم تەمەن ومانای یاسایی ووشەی (منال) ی دیاری بکردایە وهەم بیووتایە (کارکردن بە پێ ی یاسا نێودەولەتیەکان لەم بوارەدا بەتایبەتی یاساکانی ڕیکخراوی جیهانی کار ILO) کەدواتر ئەکرێ لە دانانی یاسای تایبەت بەو مەسەلەیە زۆر ڕۆشن تەمەنی منال (دیارە مێرد منالیش) وزۆر مەسەلەی تر دیاری بکرێت.
هەر لەم بوارەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە سەرەڕای ئەو هەموو ئاسانکاری وئازادکردنەی دەستی سەرمایەداری ناوخۆی کوردستان وسەرمایەی دەرەکی وپەیڕەوەی کردن لە سیستمی بازاڕی ئازاد وتەنانەت پەلەکردن لە پەسەندکردنی (یاسای وەبەرهێنان) پێش پەسەندکردن وەیا خستنەڕووی پێشنووسی دەستووریش، هێشتا هیچ قسەیەك لە (یاسای کار وبیمە کۆمەڵایەتیەکان) نەکراوە، گەر بەسەرزارەکیش بێت، بەلکوو ئەمیان فوراموشکراوە بۆ ئارەزووی خاوەن کار.
هەر لەم بوارەدا مادەی 45 باس لە (کرێ ی یەکسان بۆ کاری یەکسان) ئەکات. ولەکۆتایی مادەکەدا ئەلێ (بەلەبەرچاوگرتنی بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی وپاراستنی کرێکاران لەچەوسانەوە) .
ئەو بنەمایانەی لەم مادەیەدا هاتوون هیچ مانایەکی عملیان نابێ گەر بە ڕۆشنی باس لەمیکانیزمی بەدیهێنانی ئەو (دادپەروەریە کۆمەڵایەتی) یە و (پاراستنی کرێکاران لەچەوسانەوە) نەکرێت وبەڕۆشنی دەسنیشان نەکرێت. ئەم مادەیە ئەبێت بە قسەیەکی نەستەقی بێ ناوەڕۆك بەبێ دیاریکردنی ڕێگە وشێوازەکانی دابینکردنیان کە بریتیە لە (دیاریکردنی لانی کەمی کرێ ی کرێکار وموچەخۆر لەکوردستاندا بەپێ ی پێویستی ژیانی خێزانێکی 5 کەسی) .
مادەی 50 ئەلێ: (... دابینکردنی مافی ئەوانەی سەرچاوەی بژیویان لەدەست ئەدەن بەهۆیەکەوە کە بەدەر لە دەسەڵاتی خۆیان ڕوویدابێت لەکاتی نەخۆشی وپەککەوتن وبێوەبوون وپیری دا) . بەو مانایە هاوولاتی لەکوردستاندا تەنها لەو چوار حالەتەدا مافێکیان پێ ئەبڕێت (چونکە یاساکە بەدیاریکراوی تەنها ئەو چوارەی ژماردووە) .

مادەی 52 بەهەمان شێوازی گشتی وعاتیفی لەجیاتی دەسنیشانکردنی مافە دیاریکراوەکانی (معوق) یا چوارچێوەیەکی گشتی بەڵام ڕۆشن ودیار بۆ ئەو مافانە باس لەوە ئەکات کە ئەبێ (ڕێزی ئینسان بوونی) ئەو توێژە بگیرێت نەك مافی دیاریکراوی بۆ دابین بکرێت تا بەهۆیەوە شانسی ژیانێکی شایستەی بۆ فەراهەم بکرێ.

چەند سەرنج لەسەر هەندێ مادەی تر

مادەی 74 لەبواری (ئەرکەکان) ی حکوومەت و هاووڵاتیاندا باس لە (ڕێزگرتن لە سەرکردە و سیمبولەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد وشۆڕش وشەهیدەکانی) ئەکات.

دیارە من لێرەدا قسەیەکم لەسەر شەهیدان نیە وەکوو کەسانێك بەهەر بیروباوەڕێکەوە بووبێتیان ژیانی خۆیان کرد بە قوربانی لەپێناویدا.

بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە (سەرکردە وسیمبولەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد) ەوە هەبێ من پێم وایە لە هیچ دەستوورێکی دنیادا باس ومادەی وا بوونی نەبێت بەتایبەتی کە ئەم مەسەلەیە لایەنێکی سیاسی ئاشکرای هەیە و ئەکرێ بخرێتە خزمەتی تەقدیس کردن وبەیاسایی کردنی جێگە وشوێنی سەرکردە و لایەن وهێزی سیاسی تایبەت، بەتایبەتی لە وولاتێکدا کە کۆدەنگی (اجماع) نەبێت لەسەر دەورونەخشی ئەو سەرکردە وسیمبولانە.

دیارە ئەم سەرنجەی من دوورە لەهەر تێڕوانینێکی سیاسی تایبەت کە هەمبێ وتەنها باس لە تایبەتمەندی وحەساسیەتی دەستوورە ئەگینا هەر لایەن وحیزب وڕێکخراوێك ئازادە لەوەی کە تا ڕادەی (تەقدیس) بەمانای هەرە تایبەتی ووشەکە بڕوانێتە سەرکردە وسیمبولەکانی خۆی.

هەرچی سیمبولە گشتیەکانە وەکوو ئەنفال ئەوە ئەکرێ وەکوو مادەیەکی تایبەت جێ ی بکرێتەوە وباشترە شەهیدانیش لەڕێگەی یاسایەکی تێر وتەسەل وتایبەتەوە زۆرترین ئیمتیاز وپاداشت بەکەسوکاریان بدرێ نەك لە قالبی عاتیفیدا داخوازی ومافەکانیان ناڕۆشنتر بکرێت.

مادەی 80 ئەچێتە سەر مەسەلەی پەرلەمانی کوردستان وپێکهاتەکەی.

بەندی دووەمی ئەم مادەیە بەم جۆرەیە: (لە پێکهاتنی پەرلەماندا نوێنەرایەتی ڕەوای نەتەوەکان لەکوردستاندا لەبەرچاو ئەگیرێت) .

لەڕاستیدا پێئەچێ ئەم بەندە لەژێرکاریگەری کەشوهەوای تایفەگەری سیاسی گشتی ئەمڕۆی عێراقدا نووسرابێت کە لەدەستووری عێراقدا نموونەکەیمان بەچاوی خۆمان بینی.

لەسیستمێکی پەرلەمانیدا گوێ بەوەنادرێ کە شوناسی ئەو کەسەی خۆی کاندید ئەکات چیە وسەر بەچ نەتەوەیەکە. هەروەها ئەوەی تا ئێستا بینیومانە لەپەرلەمانی کوردستاندا بریتی بووە لە هێنانی چەند کەسی تورکمان یا کلدۆ-ئاشووری کە نزیکن لە ئەم یا ئەو حیزبی سیاسی کوردستانیەوە وناویان نراوە نوێنەری ئەو گرووپە ئەتنیانە کە کاریگەریە نێگەتیفەکانی ئەو شێوازە مامەڵەیە زۆر ئاشکرا ودیارە وبڕواناکەم کەسی بەویژدان هاشایان لێ بکات. هەروەها پەرلەمان ئەبێ نوێنەرایەتی هاوولاتی بکات بەدوور لە هەرناو ونیشانێکی نەتەوەیی یا ئاینی و ڕەنگ بێ هاووڵاتیەکی کورد دەنگ بدات بە کاندیدێکی مەسیحی یا بەپێچەوانەوە، گشت ئەوەش لەسەر بناغەی ئەوەی کە بەرنامەی فلانە کاندید چۆنە وئەیەوێ لەکاتی هەڵبژاردنیدا بۆ کام ئامانج وپلان تێبکۆشێت.

دیارە کە ئەڵێم (پەرلەمان) مەبەستم مانای گشتی ووشەکە وئەو ئەرکە پێویستەیە کە هەیەتی چونکە ئەوەندەی کە بگەڕێتەوە سەر کوردستان ڕوونە کە پەرلەمان چوارچێوەیەکی ترە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان 2 زلهێزەکەی کوردستاندا.

ڕاستیەکی تر ئەوەیە کە ئەم بەندە 2 شتی تێکەل کردووە. یەکەمیان: جیاوازی ئەتنیکی کۆمەلگای کوردستانە. دووەمیان: ئەندامەتی وپێکهاتەی پەرلەمانە.
جگە لەگشت ئەوانەش ئەم بەندە ڕاستەوخۆ ئەکەوێتە ناکۆکیەکی ئاشکراوە لەگەل بەندی سێیەمی دوای خۆی کە ئەلێ: (ئەندامی پەرلەمان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان – عێراق ئەکات بە گشت پێکهاتە نەتەوەیی وسیاسی وئاینیەکانەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەر بە چیە ولەکام ناوچەوە هەلبژێردراوە) .
هەر بەم بۆنەیەوە پێویستە ئەوەش بلێم کە لەهیچ شوێنێکی ئەم پێشنووسەی دەستووردا نەوتراوە کە سیستمی سیاسی کوردستان یا هەرێم سیستمێکی دیمکراتی، سیکۆلارە ولەسەر بنەمای هاوولاتی بوون وبنەما مدنیەکان دامەزراوە ومەرجەعی دەستوور ویاساکانی بریتیە لە پێوانە وشێوازە مۆدرینە نێونەتەوەییەکان.
مادەی 124 بەندی یەکەم ئەلێ: (نابێ بنەماکانی باری کەسی لایەنگرانی ئاینێك بسەپێنرێت بەسەر لایەنکرانی ئاینێکی تردا) .
ئەم مادەیە بەئاشکرای دەری ئەبڕێت کە لەپێشەوە باری تاکەکەسی لەسەر بنەمای ئایین ڕێکئەخرێت نەك یەك بنەمای هاوبەشی گشتی کە باری کەسی هەموو هاوولاتیانی کوردستان لەسەر یاسا وڕێسا مدنیەکان دامەزرابێت.
گەر یاسادانەرانی ئەم پێشنووسە ئەیانەوێ ناهەقیەك لە لایەنگرانی ئاینەکانی تر لەکوردستان نەکرێ (کە بەڕوالەت ئەیانەوێ ئەوەدەربڕن) ئەوە ئەبێ زۆر ئاشکرا و وەکوو بنەمایەکی مۆدرێن بێ هیچ ئەملاوئەولایەك بلێن کە (باری تاکەکەسی لە کوردستاندا تێکەل بەبنەماکانی هیچ ئاینێك ناکرێت ویاسایەکی مدنی تایبەت بۆ ئەم بوارە لەسەر بنەمای یەکسانی ژن وپیاو وبەپێ ی پێوانەکانی مافی مرۆڤ وپێودانگە نێودەولەتیەکان ڕێك ئەخرێت) .
دیارە ئەم مادەیە تەنها لای "لایەنگرانی ئاینەکانی تری کوردستان " نیگەرانی دروست ناکات بەلکوو لای زۆربەی خەلکی کوردستان (ئەوەی کە پێشنووسەکە بە هەلگری شوناسی ئیسلامیان دائەنێت!!!) وبەتایبەتی ژنانی کوردستان ترس ودلەڕاوکێیەکی زۆری دروست کردووە وئەیکات وپێویستە هەرچی زووتر لاببرێت.

ئەحمەد معین
کۆتایی ئۆکتۆبەری 2006